## بە فەرمی... دەسەڵاتی دادوەری سەرکی دادگای فیدراڵی ڕەوانەی خانەنشینی دەکات و کەسەکی جێگرەو دیاری دەکات

ئەنجومەنی باڵای دادوەری عێراق ڕەزامەندی لەسەر خانەنشینکردنی جاسم محەمەد عەبود، سەرەکی دادگای باڵای فیدراڵی عێراق بەهۆی بارودۆخی تەندروستییەوە ڕاگەیاند، هاوکات دادوەرەکی دیکە بە پێکردنەوەی پێستی سەرەکی دادگای فیدراڵی دیاریکرا.

ئەنجومەنی باڵای دادوەری عێراق ئەمڕۆ یەکشەممە لە ڕاگەیەندراوەکدا باویکردەوە، ڕەزامەندی دەربڕیوە لەسەر خانەنشینیکردنی دادوەر جاسم محەمەد عەبود بە هۆکاری تەندروستی و هاوکات دادوەر مونزر ئیبراهیم حسێن وەك سەرەکی دادگای فیدراڵی دەستبەکاردەبێت.
دادوەر مونزر ئیبراهیم حسێن لە ساڵی 1963 لە بەغدا لەدایکبوە، بەوانامەی یاسایی لە کۆلێژی یاسا لە زانکۆی بەغدا لە ساڵی 1989 بەدەستهێناوە و لە ساڵی 1998 پێیمانگای دادوەری خولی (21)ی تەواوکردوە، لە ساڵی 2018ەوە لە دادگای فیدراڵی کاردەکات.
دادوەر مونزر ئیبراهیم پێشتر وەك جێگری سەرەکی دادگای فیدراڵی و سەرەکی دەستەی تاوانەکانی و ئەندامی یەدەگی دادگای باڵای فیدراڵی کاریکردوە.